تاراوگە
TARAWGA
بڵاوكراوەیەكی كوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوكردنەوەی ئەكات
Amsterdam Holland

01 Oktober 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 12
ساڵی یەكەم 01 ئۆكتۆبەری 2018

# نوسەر و توێژەری ناسراوی كورد كەماڵ ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)، لە شاری ڤینلۆی هۆڵەندا كۆچی دوایی كرد



بەداخ وپەژارەیەكی زۆرەوە، كاتژمێر دە و بیست دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی 30-09-2018 پاش ململانێیەكی سەخت و درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشیدا، نوسەر و ڕوناكبیر و لێكۆڵەر و ڕاگەیاندنكاری گەورەی كورد مامۆستا كەماڵ ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)، دڵە گەورەو پڕ خەمەكەی بۆ گەلی كورد لە نەخۆشخانەی شاری ڤینلۆی وڵاتی هۆڵەندە لە لێدان كەوت، بڕیارە ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی ٢-١٠-٢٠١٨ تەرمی پیرۆزی بەرەو سلێمانی بەڕێ بكرێت، یادی بۆ هەمیشە زیندوو بێت....

ساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیست، باوكی لالۆ خزمەتێكی زۆری ڕادیۆی كوردیی بەغدای كردووە، بەرنامەیەكیشی بە ناوی «ڕۆژێك لە ڕۆژان» هەبووە. لە پرۆژەی بیبلیۆگرافیای كورد و كوردستانی بوار نورەدیندا، پێنج كتێبی تۆمار كراوە، سێ دانەیان لە بارەی ئەدەبی نامەنووسینی كوردی، ساڵی ٢٠٠٤، كتێبێك لەبارەی مێژووی هونەری درامای ڕادیۆی كوردی، ساڵی ٢٠٠٠ و كتێبی عەقیدەی ئیمان، ساڵی ٢٠٠٤.

كەماڵ ڕەئووف محەمەد، وەك خۆی لە ل٥٢٥ كتێبی گەڕان بۆ ڕاستیدا خۆی دەناسێنێ و دەڵێ:

(لە دایكەوە، حەفسە بەكر محیددین قەساب)، خوێندكاری دەست بەرداری بەشی درامای فێرگەی هونەرە جوانەكانی بەغداد ١٩٥٩-١٩٦٠و ١٩٦٠-١٩٦١. وەرگێڕ و ببژەر و یێكەم بێژەر و نوێنەری ڕادیۆی كوردی بەغداد ١٩٦٦- ١٩٨٢ (سەرۆكی ڕادیۆكە بۆ چەند مانگێك ١٩٧١). سەرپەرشتی ڕۆژنامەی هاوكاریی (بۆ چەند مانگێك ١٩٧٠)، سێ جار دوورخراو لە ڕادیۆدا(١٩٧٥، ١٩٧٨ و ١٩٨٢)، دواجار بۆ دەزگەی چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردیی بەغداد، سلێمانی ١٩٨٢، پاشان بۆ كاری ڕۆژنامەنووسی گۆڤاری كاروان (١٩٨٢-١٩٨٦)، خانەنشین لەسەر داخوازی خۆی و بە بیانووی نەخۆشییەوە، (٦-٦-١٩٨٦).

خاوەنی بەرنامەكانی ڕادیۆیی، دەنگی هونەر، چیرۆكی هەفتە، دنیای ئەدەب و هونەر، دنیای فۆلكلۆر، دیاری ئەمڕۆ، بۆ خۆشیتان، شەوچەرەیێكی كوردەواریی، سەدای چیرۆكی كوردیی، هاوار خاڵە ڕەجەب، ڕاپۆرتی مایكرۆفۆن، فەرهەنگی ڕۆشنبیریی، ڕۆژێ لە ڕۆژان (١٩٦٦-١٩٨٩).

خاوەندی یێكەمین بەرنامەی هونەرمەندانەی تەلەفزیۆنیی، پەیامی هونەر، (تۆماركردنی لە بەغداوە بۆ كەركوك(١٩٧٠-١٩٧٣).

- بابی دوو كوڕ و كچێكە، (١٩٦٥ كابانی هەڵبژاردووە).

- لە ١٩٩٨ ەوە تا نها بە تەنها لە هۆڵەندا دەژییا، خۆیی بۆ نووسین و لێكۆڵینەوەی زانستیی تەرخان كردبوو، تا ڕۆژیی ٢٠-٩-٢٠١٨، كە جارێكی دیكە بە هۆی نەخۆشییەكەیەوە، داخڵی نەخۆشخانە كرایەوە و ڕێكەوتی 30-09-2018 ماڵئاوایی یەكجاری لە ژیان كرد، دوا گوتەی لە واڵەكەی خۆیدا تۆمار كردووە و دەڵێ:

لە دڵ و گیانەوە سوپاسی یێكە یێكیتان دەكەم بۆ هەستی جوانتان، خودا بە گەورەیی خۆی سەلامەتتان بكات و جەژنی گەورەی كورد، كە سەربەخۆیی و ئازادییە بهێتە دیی و لە كوشت و كوشتاری داگیركەرانی زاڵم ڕستگارمان بێت و لە ئەوروپا كەس توانجمان تێ نەگرێ بێژن: ئێوە بێ وڵاتن!

بۆ بەرهەمە چاپكراوەكانی بابی لالۆ بڕوانە ل ٣

# بیرەوەریەکانی گیانبەخشیووی نەمر (ڕێباز) ...

## قەندیل بەغدای هەژاند




**نوسینی بەختیار شەمەیی- ئەمستردام**


ئێمە میللەتێکین، بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دیکەدا، درەنگ دیاردەی نوسین و مێژوونووسی و بیرەوەری نوسی لەناوماندا سەریانهەڵداوە. جێگەی داخە، زۆربەی زۆری سەرکردە و ناودارانی کورد، بەبێ ئەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیانمان بۆ بنوسنەوە، لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتە نێو تاریکستانی هەتاهەتاییەوە. ئەو سەرکردانەی کە یادەوەرییەکانی خۆیانیان نووسیوەتە، لە پەنجەکانی یەک دەست پتر نین. پێموابێت یەکەم سەرکردە و دیپلۆماتکاری ناوداری کورد، کە یادداشتەکانی خۆی نوسیبێتەوە، نەمر ژێنەراڵ شەریف پاشای خەندان بوو بێت. پاشان، نەمر ئیحسان نوری پاشای سەرکردەی ڕاپەرینەکانی ئاگری و ئەراراتی باکوری کوردستان دێت. لە سیاسییەکانیشمان، نەمران ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە و ئەحمەد تەقی و شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر و......هتد، بیرەوەرییەکانی خۆیان نوسیوەتەوە. لێرەدا ناکرێت ناوی هەمووان ڕیز بکرێن، بەڵام شایانی باسە، کە لەم ساڵانەی رابووردوشدا، چەندین سەرکردە و سیاسەتمەدار و فەرماندە و پێشمەرگە و نوسەر و هونەرمەند و ڕوناکبیر، بیرەوەرییەکانی خۆیانیان بۆ نوسیوینەتەوە و نامەخانە و مێژووی کوردیان دەوڵەمەند کردووە و چاو و دڵی خوێنەرانیشیان ڕۆشن کردۆتەوە.

یەکێ لەو پێشمەرگە و فەرمانده ئازا و دڵسۆزانەی، کە بیرەوەرییەکانی بە پاکی و دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە بۆ نوسیوینەتەوە، گیانبەخشیووی نەمر (ڕێباز)ە، کە جیاوازە لە هەموو ئەوانی دیکە.




هەربۆیە پێمباشە کە ئەم پەڕتوکی یادەوەرییانە، بە ئێوەی بەڕێز بناسێنم و سەرنجتان بۆ لای پەیداکردن و خوێندنەوەی ررابکێشم. بەڕاستی ئەم بیرەوەرییانەی ڕێبازی نەمر، بە یەکێ لەو بیرەوەرییە گرنگ و نەمرانە دادەنرێت، کە دەکرێت بکرێت بە بەڵگە و سەرچاوەی نوسینەوەی مێژووی شۆڕشی نوێی باشوری کوردستان. شایانی باسە زۆر بە دڵپاکانە و ڕاستگۆیانە، هەموو ئەو بەسەرهات و ڕوداوانەی بە وردبینی و شیکاریی بابەتییانەوە تۆمار کردون و بیریشی نەچووە، کە تێکۆشان و دڵسۆزیی و لەخۆبوردوویی هەموو ئەو پێشمەرگە و فەرماندانەشی باس کردووە، کە لەگەڵیاندا ژیاوە و هاوخەباتیان بووە و وێنەی زۆربەشیانی لە پەڕتوکەکەیدا بڵاوکردوونەتەوە.





لێرەدا ناکرێت باس لە ناوەڕۆک و ڕوداوەکان و بەسەرهاتەکانی ناو ئەم بیرەوەرییانە بکرێت، تەنها بە گرنگ و پێویستمزانی کە پێتان ئاشنابکەم. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی، بۆ ئێوەی بەڕێزی بەجێدەهێڵم.

زۆر بەداخەوە، ئەم پێشمەرگە و فەرمانده ئازا و دڵسۆز و لەخۆبووردووەی میللەتەکەمان، وەکو هەزاران هەزار ڕۆڵەی دیکە، بووە سووتەمەنیی شەڕی ناڕەوای یەکتر کوشتنی کورد و کورد، مەخابن و هەزاران ئەفسووس!؟


هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هەموو پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانە ئازا و دڵسۆزەکانی میللەتەکەمان..... ڕەوانی پاکیان شاد و ئاسوودە بێت.

هەزارانم تاجە گوڵینەی ڕێزداری و ئەمەک بۆسەر گڵکۆی پیرۆزیتان بێت.

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# نوسەر و توێژەری ناسراوی کورد کەماڵ ڕەئووف محەممەد (بابی لالۆ)،

## خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستی و مێژووییە دەربارەی ساخکردنەوەی ئەدەب و هونەری کوردیی...





هەردوو بەرگی مێژووی ڕادیۆی کوردیی بەغداد لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٥٨

### کۆمەڵە چیرۆکی بژی مرۆڤ

کۆمەڵە چیرۆکێکی ٦٤ لاپەڕەیی قەبارە مامناوەندیە، شەش کورتە چیرۆکی نوسەر و توێژەری ناسراوی کورد مامۆستا (کەماڵ ڕەئووف محەمەد)ی لە خۆ گرتووە، ساڵی ١٩٧٠ لە چاپخانەی (سليمان الاعظمي)– لە بەغدا، بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری ژووروو لە چاپ دراوە.

چیرۆکەکانی دوو توێی ئەم کتێبە بریتیین: لە ( قەباحەتێکی گەورە، سێ کلۆڵ، شتێک لە دڵما بۆتە کەسەر، ئەویی زوو ئەمرێت...؟ ، هات و نەهات، خوا بناسن..).


ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دووەهەم بەرهەمی چاپکراوی نوسەرە، پێشتریش ساڵی ١٩٦١ چیرۆکێکی شانۆیی بە ناونیشانی ببوورە–وە چاپ کردبوو.






مامۆستا کەماڵ ڕەووف محەمەد، هەر لەسەرەتای، هاتنە ناو گۆڕەپانی دنیای نوسین و ڕۆشنبیری کوردییەوە، وەک قەڵەمێکی ڕەسەن و داهێنەر و چالاک خۆی ناساند... سەرەتا وەک ڕۆژنامەنووسێک لە بواری کاری ڕادیۆ و ڕۆژنامەوانیدا، سەرنجی گوێگران و خوێنەرانی بە زوویی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و قەڵەمەکەی خۆڕسکی و تایبەتمەندێتی خۆی پێوەدیار بوو، بەرنامە سەعاتیەکەی (ڕۆژێ لە ڕۆژان)ی ڕادیویی کوردیی بەغدا، گوێگرانی کەمەندکێش ئەکرد و تا تەواو ئەبوو، نەتدەتوانی فەرامۆشی بکەیت.

مامۆستا کەماڵ پاش ماڵئاواییکردنی لە ژیان، دەیان کتێب و بەرهەمی ئەرشیفی و توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی ئەدەب و مێژوو، خستۆتە کتێبخانەی کوردیەوە.



مامۆستا کەماڵ ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)

چاپکراوەکانی کەماڵ ڕەووف محەمەد (بابی لالۆ:

١– ببوورە، دراما (سلێمانیی ١٩٦١).

٢– بژی مرۆج، چیرۆکی کورت (بەغداد ١٩٧٠).

٣– مستەفا سائیب ئەستێرە گەشەی کورد، لێکۆڵینەوە (سلێمانیی ١٩٩٧).

٤– هونەر درامای ڕادیۆیی کوردیی، لێکۆڵینەوە، (سلێمانیی ٢٠٠٠).

٥– ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی، لێکۆڵینەوە، ٢ جزم، (هەولێر ٢٠٠٤).

٦– عەقیدەی ئیمان، حەقیدەی کوردیی/ کۆنتریب دەستنووسی مەولانا خالید نەقشبەندیی ١٨١٩. (سلێمانیی ٢٠٠٤).


٧– دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو لێکۆڵینەوە، (سلێمانیی ٢٠٠٤).

٨– باقە دراسات کردیە– لێکۆڵینەوە بە عارەبیی (هەولێر ٢٠٠٦).

٩– گەڕان بۆ ڕاستیی– لێکۆڵینەوە (سلێمانیی ٢٠١١).

١٠– گوتوێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبی و خوێندنەوەییێکی ڕەخنەگرانە، وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەمیر حەسەن پوور، نووسینەوەیی و پەراوێز و خوێندنەوەی بابی لالۆ کەماڵ ڕەئووف محەمەد (سلێمانیی ٢٠١١).

دوا پۆستی مامۆستا کەماڵ ڕەئووف محەمەد



# (دە) ڕێنمایی سۆفی کینسڵا لەبارەی ڕۆمان نووسینەوە



لە (ئەدەب و هونەر)دا بڵاوکراوەتەوە

سۆفی کینسڵا نووسەری گەلێ ڕۆمانی پڕفرۆشە، وەکو ئەم ڕۆمانانە: «ئالوودەی کڕین»، «نهێنییەکەم بپارێزە»، «شەوی زەماوەند»، «خواوەندێک کە ماڵی نییە». ڕۆمانەکانی بۆ زیاتر لە چل زمان تەرجەمەکراون و لەسەر ڕۆمانی «ئالوودەی کڕین» فیلمێکی سینەمایی دروستکراوە بە ناوی «دانپێدانانی ئالوودەیەکی کڕین.» بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ببنە نووسەری ڕۆمانی پڕفرۆش (دە) ڕێنمایی هەیە.

یەکەم: با هەمیشە دەفتەرێکی یاداشتت پێبێت.

بۆ هەر کوێیەک دەچیت هەمیشە با دەفتەرێکی یاداشتت پێبێت و هەر شتێکت بە خەیاڵدا دێت بینووسە، تەنانەت ئەگەر لەو کاتەدا وەکو خاڵێک بێتە بەرچاو کە پەیوەندیی بە ئیشەکەتەوە. لەو شتە پەڕاگەندە سەرپێیانەوە کە بە خەیاڵمانا دێن تا ئەو بابەتانەی کە ڕەنگە لە قسەی کەسانی دیکەوە بیانبیستین دەتوانین سوودێکی زۆر وەربگرین. خۆت ڕابێنە وەکو نووسەرێک سەیری ژیان بکە و هەموو شتێک بنووسە. نیگەرانی ئەوە مەبە ئەنجامی هەموو ئەو شتانە چی دەبێت، وەکو خوو یان بۆ خۆشی بینووسە. چونکە کاتێ بیرۆکەیەکی جوانت بە خەیاڵدا بێت و بتەوێ ڕۆمانێک بنووسیت لەگەڵ نووسین ڕاهاتوویت و لە هەمانکاتدا کەرەسەیەکی خاوی باشیشت هەیە کە دەتوانی سوودی لێوەربگریت.

دووەم: بیربکەرەوە ئەگەر شتێک ڕوویدات چی دەبێت، بخوێنەرەوە.

سەیری دنیا بکە و بەو سەیرکردنەوە بپرسە ئەگەر شتێک ڕوویدات چی ڕوودەدات. سەرەداو و ئەگەری بیرۆکە بۆ نووسینی ڕۆمانێک کۆبکەرەوە. خۆت لەگەڵ نووسین ڕابێنە، دەتوانی بابەتێک یان چەمکێکی بچووک هەڵبژێریت و بە نووسینی بیکەی بە شتێکی دیکە. هەوڵ بدە چێژ لەو مەشقی نووسینە وەربگری و ئەوەش ببینی لە چ بارودۆخێکدایە. لەوانەیە زۆر ناچیز و بێبایەخ بێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر هەست دەکەی تەنانەت تۆزێکیش قابیلی ئەوەیە ببێت بە ڕۆمان، زیهنی خۆت بۆ ڕێکخستنی ئامادە بکە پاشان دەبینیت بەردەوام بیرۆکەی تازەت دێتە خەیاڵەوە. ئەگەر دەتەوێ ببیت بە نووسەر خوێندنەوە شتێکی ژیانییە. من لە منداڵییەوە خۆرەی کتێب و شەیدای خوێندنەوە بووم. من لەو منداڵانە بووم کە لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانیان لە جیاتی قسەکردن چەندان جار نووسینی سەر پاکەتی پسکیت و شیرم دەخوێندەوە.

سێیەم: ڕۆمانێک بنووسە کە خۆت حەزدەکەی بیخوێنیتەوە.

زۆر کەس وابیردەکەنەوە دەبێ بۆ ڕەزامەندیی کەسانی دی بنووسن، بۆ



لە فارسییەوە: محەمەد کەریم

سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و ڕەخنەگر و ڕای گشتی. غەریزەی من هەمیشە پێی وتوم ناتوانی پێشبینی حەز و ڕاو بۆچوونی کەسانی دی بکەی. ئەوەی کە دەتوانی بیکەیت ئەوەیە خۆت بخەیتە شوێنی خوێنەر و بزانی حەزدەکەی چی بخوێنیتەوە. یەکێک لە ڕێگاکانی بەرجەستەکردنی ئەوەیە بچیتە کتێبخانەیەک و بزانی حەزدەکەی چ کتێبێک بخوێنیتەوە. ئەگەری ئەوە زۆرە ئەو کتێبەی تۆ لە ڕەفەی کتێبخانەیەکدا دەستی دەدەیتێ و حەزدەکەی بیخوێنیتەوە کەسانێکی زۆر حەز بە خوێندنەوەی بکەن. بەم پێیە هەمیشە لە خۆتەوە دەستپێبکە و شتێک بنووسە کە خودی خۆت خۆشحاڵ و ڕازی بکات.

چوارەم: لەبارەی ئەو شتانەوە کە خەریکی نووسینیانیت قسە مەکە.

من لە کاتی نووسینی کتێبێکی نوێدا زۆر بەنهێنی ئیش دەکەم. بە ڕای من نووسەران کەسانی ناسکن و ئاسان زیانیان پێدەگات، وەکو پەپوولە وان بە ئاسانی لوول دەبن. ئەگەر تۆش وەکو من کەسێکی هەستیاری، دەربڕینی دوودڵیی و ڕای خراپ لەلایەن کەسانی ترەوە لەوانەیە متمانەت بەخۆت سەبارەت بە نووسینی ڕۆمانەکەت ورد و خاش بکات. بە ڕای من باشتر وایە ڕاهێنان و نووسینەکانت بە شێوەیەکی تاکە کەسی بێت، چونکە لەو حاڵەتەدا بە ئازادی تەواوەوە بەبێ نیگەرانی لە ڕاو حوکمی کەسانی دی و ئەوەی ئەنجامی نووسینەکەت چی دەبێت دەتوانی بەباشی ئیشی خۆت بکەی. هەر ئەوەندەی ڕۆمانەکەتت ئاشکرا کرد و خستتە بەردەم ڕاو حوکمی کەسانی ترەوە کۆسپ لەبەردەم داهێنانتدا دروست دەبێت. تەنیا کەسێک کە نووسینەکانمی نیشان دەدەم هاوسەرەکەمە و ئەویش لە دەمێکەوە بەپێی ئەوەی لەسەری ڕێکەوتووین بە وردی دەزانێت ئەو شتانە چین کە نابێ باسیان بکات. بە ڕای من ڕۆمانێک کە خەریکی دەینووسیت شتێکی زۆر بە بەهایە و لە هەمانکاتدا نادیارێکە کە بە ئاسانی زیانی بەردەکەوێت و نابووت دەبێت. بۆیە دەبێت بە باشی پارێزگاریی لێبکەیت.

# هەتا کۆتایی رۆمانەکەت دەستی لێهەڵ مەگرە

پێنجەم: ژانر فەرامۆش بکە و دەنگی خۆت بدۆزەرەوە.

بە رای من یەکێ لە قورسترین ئیشەکان بۆ نووسەر دۆزینەوەی دەنگی تایبەت بەخۆیەتی. دەبێت بە وردیی ئاگات لەوە بێت ئەو شتانە چین کە چێژ لە نووسینییان دەبینیت و بە چ شێوازێک چێژیان لێدەبینیت. ئەوە راستییە ئەگەر ببیت بە نووسەر کاتێکی زۆری ژیانی رۆژانەی خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت، کەواتە باشتر وایە شتێک بنووسیت کە چێژی لێدەبینیت و هەر بە راستی دەتوانیت لەو بارەیەوە بنووسیت. ترست لەو ئەزموون و مەشقانە نەبێت کە رەنگە بە هیچ ئەنجامێکت نەگەیەنن. جارێکیان هەولّم دا رۆمانێکی (trailer) واتە (عەرزی کورتەی فیلمێک) بنووسم، بیرمە ناشرەکەم پێی وتم زەمینەی رۆمانەکە سەرنجڕاکێشە بەڵام هەموو کارەکتەرەکانی زۆر مرۆڤی باش و بێگوناهن. راستی دەکرد من رۆمانێکم نووسیبوو کە تیایدا کەسانی زۆر ئاسایی داماو و بێگوناه بەردەبوونە گیانی یەکتر و یەکتریان دەکوشت. زۆر بیر لەوە مەکەرەوە کە دەبێت چ ژانرێک بنووسیت، لەوانەیە بتوانیت ژانرێکی تەواو نوێ بخوڵقێنی. لە جیاتی بیرکردنەوە لە ژانر بە خۆت بڵێ دەمەوێ رۆمانێک بنووسم و چاوەڕێ دەکەم کەسانی دی بیخەنە قاڵبی ژانرێکی گونجاوەوە. بابەتی گرنگ ئەوەیە تۆ رۆمانی خۆت بنووسیت و دەنگی تایبەتی خۆت بدۆزیتەوە.

شەشەم: هەتا کۆتایی رۆمانەکەت دەستی لێهەڵ مەگرە.

ئەمە گرنگترین و قورسترین شتە چونکە زۆر کەس بۆ نووسینی رۆمانێک چەند بیرۆکەیەکیان هەیە. قۆناغی یەکەم ئەوەیە لە جیاتی قسەکردن لەبارەیەوە دەست بکەیت بە نووسینی و قۆناغی دواتر ئەوەیە هەتا تەواوکردنی رۆمانەکە دەستی لێهەڵ نەگریت. زۆربەی نووسەرەکان کاتێ دەگەنە ناوەڕاستی رۆمانێک هەست بە دوودڵیی دەکەن یان ماندوو دەبن. لەوانەیە رۆمانەکەت و یەک بە یەکی کارەکتەرەکانی ماندووت بکەن و پرزەت لێببڕن، تەنانەت رقیشت لێیان بێتەوە. ئەوسا لە خۆت دەپرسیت لە بێخەوە بۆچی دەستم بە نووسینی ئەم رۆمانە کرد کە مایەی غەمە. راستییەکەی ئەوەیە نووسینی هەر رۆمانێک ئیشێکی قورسە و هەموو رۆماننووسەکان لە قۆناغێکدا سەر لە دیوار دەدەن. لەوانەیە لە پلۆتی گشتی رۆمانەکەدا بۆشاییەک دروست بێت یان نەتوانی بە باشی بەشێک تەواو بکەیت. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت بگەیتە کۆتایی و تەواوی بکەیت، تەنانەت ئەگەر باشترین نوسخەی سەرەتاییش نەبێت پێویستی بە پێداچوونەوە و پاکنووسکردن هەبێت، هیچ نەبێ تۆ رۆمانێکت تەواو کردووە و بۆ ئەوەی دواتر پاکنووسی بکەی.

حەوتەم: پیاسە بکە و کۆکتیل بخۆرەوە:

هەموو نووسەرەکان لە کاتی نووسیندا کاتێکی زۆر کڕدەکەون. خواردنەوەی کۆکتیل زۆر یارمەتی من دەدات، ئەمەش درۆی تیا نییە. هەر کاتێ لە نووسینی رۆماندا گیردەخۆم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دەچینە دەرەوە و کۆکتیل دەخۆینەوە و لەگەڵ خواردنەوەدا قسەدەکەین، لە کۆتایی شەودا هەمیشە ئەو گرێیانە دەکەینەوە کە هاتبوونە سەر رێی درێژەدان بە رۆمانەکە. بەپێی ئەزموونی من چوونەدەرەوە و قسەکردن هەم کاتی خۆش بەسەربردنە و هەم دەتوانێت لە گیرۆدەبوون رزگارت بکات. هیچ شتێک لە دانیشتن لەسەر مێز و زەق زەق روانین لە شاشەی کۆمپیوتەر و ئەو حاڵەتە خراپتر نییە کە شل و کول دەبیت. دەبێت لەو کاتانەدا واز لە نووسین بێنیت و بڕۆیتە دەرەوە. شتێکی تر کە دەتوانێت یارمەتیت بدات پیاسەیە. بە رای من هیچ شتێک وەکو پیاسە ئەو گرێیانە ناکاتەوە کە لە مێشکتدا دروستبوون. جاریوایە لەوانەیە چەندین سەعات لەسەر مێزەکەت دابنیشیت و هیچ رێگەچارەیەکت بە خەیاڵدا نەیەت. بەڵام هەر کە دەچیتە دەرەوە و کەمێک پیاسە دەکەیت هەموو ئەو شتانەی کە چاوەڕێی بوویت دێنە مێشکتەوە.

هەشتەم: پلۆت یان پلان بۆ رۆمانەکەت دابنێ.

بەشی پلاندانان بەلای منەوە زۆر گرنگە و بەلای کەمەوە چەندین مانـــــگ دەخایەنێ لەوانەیە چەندین ساڵیش بخایەنێ. من لە شوێنی کارەکەم رۆمانەکانم دەنووسم بەڵام لە کاتی پلاندانانی گشتی رۆمانەکانمدا دەچمە چایخانە یان کافتریا. حەزم لە دەوروبەری پڕ جموجووڵی ناو قەرەباڵغییە، بەڵام بەو مەرجەی گومناو بم و کەس نەمناسێ. خاڵە سەرەکییەکانی رۆمانەکە لەسەر کارتی تایبەتی ئەرشیف دەنووسم و دەیانلکێنم بە دیواری بەرامبەرمەوە. پاشان کەمێک لە دیوارەکە دوور دەکەومەوە و سەیری خاڵەکان دەکەم بۆ ئەوەی بزانم بینای گشتی رۆمانەکەم پێخۆشە یان نا. ئەگەر رازی نەبم دەتوانم شوێنی کارتەکان بگۆڕم و دواجار جیگۆڕگێ بە رەوتی گشتی رۆمانەکە بکەم. ئەم بەشەی ئیشەکە زۆر مایەی رەزامەندییە رێک وەکو حەلکردنی خشتەی وشەی یەکتربڕ. راستە دەتوانیت کاتێکی زۆر بۆ پلۆتی گشتی رۆمانەکەت تەرخان بکەیت و چەندین جار دەسکاری بکەیت بەڵام ئاسایی لە کاتی نووسیندا ئەو پلاندانانە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و چارەش نییە. بەڵام بەشی ناوەڕاست و کۆتایی باشی رۆمانەکە، رێک هێندەی داڕشتنی پلۆتی گشتیی و سەرەتای باش گرنگن.

نۆهەم: کەسێکی باش پەیدا بکە و ناوی خواستراو هەڵبژێرە.

پێم وایە تائێستا بیست رۆمانم نووسیوە لە هەموو ئەم ماوەیەدا تەنیا یەک کەس هەبووە ئیشەکانم بۆ بکات. هەڵبژاردنی ئەم کەسە لەوانەیە باشترین ئیش بێت کە کردوومە چونکە رێنماییم دەکات، لە هەمانکاتدا بۆ من وەکو هاوڕێیەکی زۆر باش بووە و تەواوی کارە دارایی و ئابوورییەکانی تایبەت بە چاپ و بڵاوکردنەوە ئەو دەیکات. بەبێ یارمەتییەکانی ئەو بە راستی من تەنانەت نەمدەزانی لە کوێوە دەستپێبکەم. بەکارهێنانی ناوی خواستراو سوودی زۆرە. یارمەتیت دەدات کەس نەیەتە ناو شتە تایبەتییەکانتەوە. لەم حاڵەتەدا دەتوانی وەکو نووسەر ناوت هەبێت و ناوی تایبەتیشت هەبێت. بە رای من لە کەم بواردا وەکو بواری نووسین دەتوانیت بەو ئاسانییە ناسنامەیەکی دیکە بۆ خۆت دروست بکەیت. بە راستی شتێکی باشە.

دەیەم: خودی دواترت بنووسە.

هەموو کەسێک چیرۆکێکی هەیە بۆ گێڕانەوە و هەموو کەسێکیش شێوازی نووسینی خۆی باشتر بکات. دەتوانی فێری هەندێ تەکنیکی نووسین بیت و تۆش دەبێت هەوڵ بدەیت فێربیت باشتر بنووسیت. من هێشتا لەگەڵ نووسینی هەر رۆمانێکدا فێری شتی تازە دەبم. بە رای من هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بەلای کەمەوە رۆمانێک نەنووسێت. بە رای من هەموو کەسێکی ئەم جیهانە وەکو پێویست سەرنجڕاکێشە بەم پێیە بۆچی نابێت چیرۆکی خۆی بنووسێتەوە؟ تۆ شتێک دەنووسیت کە دەتوانیت بینووسیت. بە رای من ناتوانی بڕیار بدەیت و بڵێیت من دەمەوێ ئەم یان ئەو رۆمانە دیاریکراوە بنووسم. بە رای من ئەوە نووسینە تۆ دەدۆزێتەوە. بەم پێیە لای خۆتەوە وا بیرمەکەرەوە کە دەتەوێ رۆمانێکی وەکو کۆدی داڤینچی یان شتێکی وەکو بەرهەمەکانی ستیڤن کینگ بنووسیت. خودی دواترت بنووسە، تۆ دەبیتە دیاردەی گەورەی دواتر.

سەرچاوە: فارسی BBC

# سوارەی حەمیدییە چۆن و لەلایەن کێوە و بۆ چی مەبەستێك هاتە دامەزراندن؟

نوسینە مرواریەکانی بەکر شوانی

سوارەی حەمیدییە (بە تورکی: حەمیدییە ئالایلاری)، دیاردەیەکی هەڵگری باس و خواسی زۆرە لە مێژووی کورددا. لەگەڵ ئەوەیشدا کەمتر بە کوردی و زیاتر بە تورکی نووسین و لێکۆڵینەوە و سەرچاوە لەو بارەیەوە دەستدەکەوێت. نوێترین بابەت سەبارەت بە سوارەی حەمیدییە لێکۆڵینەوەیەکی نووسەر و مێژوووناسی تورکیایی خاتوو ئایشە حورە کە لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆی و لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی تری تورکیدا بڵاو کراوەتەوە. ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەی حوردا مایەی سەرنجە، پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر هەندێک لە لایەنە نەزانراوەکانی چۆنیەتیی دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە کە لە هەر قۆناغێکدا ناوێکی جیاوازی هەبووە.

## سوارەی حەمیدییە پرۆژەی سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم بوو،

ئایشە حوڕ ڕوونی دەکاتەوە سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم (١٨٤٢–١٩١٨) خاوەنی بیرۆکە و دامەزرێنەری سوارەی حەمیدییە بووە کە لە سەردەمی ئەودا ناوە فەرمییەکەی (تابوورە سووکەکانی سوارەی حەمیدییە) بووە. لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوسمانی خاکی زۆری لە دەست دابوو، بۆیە عەبدول حەمیدی دووەمی ناسراو بە "خەلیفە" دەیویست لە ڕێی کۆکردنەوەی ئیسلام و نوێخوازییەوە ڕێ لە ونکردنی سەرزەمینی نوێ بگرێت و تەنانەت سەرزەمینە لە دەستچووەکانیش بگەڕێنێتەوە. ئەو خوولیایە بزوێنەری سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ناوبراو بوو. ئەو بەباشی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردەکان تێگەیشتبوو. لە دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا لە ساڵی ١٨٧٩دا سوڵتان بۆی دەرکەوتبوو مەحاڵە بتوانێت لە کوردستان بە زەبری چەک دەسەڵات بسەپێنێت. هەروەها گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە بە تورککردنی عەرەب و ئەلبانییەکانیش کارێکی بێهوودەیە. خوولیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی تاک نەتەوەیشی نەبوو. بگرە پلانی وەهابوو کوردە سوونییەکان کە لەگەڵ دەوڵەتدا هاوئاین و هاومەزهەب بوون، پەروەردە بکات و ڕێک بخات و لە ڕێی ئەوانەوە هێزی لە دەستچووی دەوڵەت بگەڕێنێتەوە. کاری ڕێکخستن ساڵی ١٨٩١ بە دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە و کاری پەروەردە ساڵی ١٨٩٢ بە کردنەوەی قوتابخانەکانی عەشیرەت دەستی پێکرد.

## باقێ کوردا

ئایشە حوڕ لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە دەکات بۆ ئامانجەکانی عەبدول حەمیدی دووەم لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە و دەنووسێت بە هۆی ئەوەی عەشیرەتە کوردەکان خاوەن کاریگەری و دەسەڵاتی زۆر بوون، دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە کوردستان زۆر لاواز ببوو. بۆیە عەبدول حەمیدی دووەم دەیویست لە ڕێی پەروەردە و ڕێکخستنەوە کوردە کۆچەر و نیمچە کۆچەرەکان کە خاوەن هەستێکی نەتەوەیی گەشەکردوو نەبوون، لە ژێر سەیوانی ئیسلامدا یەک بخات و بەو جۆرە بە دەوڵەتەوە پابەندیان بکات، کۆتایی بە شەڕی نێوان عەشیرەتەکان بهێنێت و کوردەکان وەک سەرباز بخاتە شەڕەکانی دژ بە ئێران و ڕووسیاوە. حوڕ لە شوێنێکی تری لێکۆڵینەوەکەدا دەنووسێت کە ڕوون نییە داخۆ چۆن کوردەکان بە پرۆژەی سوارەی حەمیدییە قایل کراون.




بەڵام دواجار عەبدول حەمیدی دووەم سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و بەشێک لە کوردەکان ئەگەر لایەنگری ئیمپراتۆریایش نەبووبن، پابەندبوونی خۆیان بە سوڵتان–خەلیفەوە ڕاگەیاندووە. تەنانەت خۆشەویستیی کوردەکان بۆ عەبدول حەمیدی دووەم گەیشتە ئاستێک کە ناسناوی "باڤێ کوردا – باوکی کوردان" بە باڵایدا دابڕن.

### وەرگرتن تەنیا بۆ کوردی شافعی بوو

بەپێی نیزامنامەیەک کە ئایشە حوڕ ئاماژەی بۆ کردووە و لە ساڵی ١٨٩١دا دەرچووە، پێویست بووە هەر تابوورێکی سوارەی حەمیدییە هەرە کەم لە چوار یەکینە و هەرە زیاد لە شەش یەکینە پێکبێت. هەر یەکینەیەکیش لایەنی کەم ٥١٢ و لایەنی زیاد ١١٥٢ سوارەی هەبێت. عەشیرەتە گەورەکان مافیان پێ دراوە زیاد لە تابوورێکیان هەبێت و عەشیرەتە بچووکەکانیش بۆیان نەبووە زیاتر لە یەکینەیەک یان دووانیان هەبێت. لە هەر تابوورێکەوە دوو چاوش ڕەوانەی ئیستانبوڵ دەکران، لەوێ لە قوتابخانەی ئالای دەخرانە بەر مەشق و دوای دوو ساڵ خزمەتکردن لە ئیستانبوڵ یان شوێنێکی تر بۆ ناو تابوورەکانی خۆیان دەنێردرانەوە. هەروەها لە هەر عەشیرەتێکیش کوڕێک دەخرایە کۆلێژی هێزی سوارە و دوای تەواوکردنی خوێندن و مەشق بە پلەی مولازمەوە دەگەڕایەوە بۆ ناو تابووری عەشیرەتەکەی خۆی. لە نیزامنامەکەدا بەندێکی تایبەت بە ئاین نییە، بەڵام تەنیا کوردی شافعی لە ڕیزەکانی سوارەی حەمیدییە وەرگیراون. بۆ نموونە، لە کاتێکدا عەشیرەتی جوبرانی سوونی لە ناوچەی ڤارتۆ دوو تابووریان دامەزراندووە، مووشیر زەکی پاشای فەرماندەی سەربازیی ناوچەکە ڕەزامەندی پێشان نەداوە بۆ دامەزراندنی تابوورێک بۆ عەشیرەتی خۆرمەکی عەلەوی کە عەشیرەتێکی گەورەی هەمان ناوچە بوون. عەشیرەتەکانی کوردی عەلەوی لە دەرسیم وەک نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە نەدانی تابوور پێیان لە دژی حکوومەت ڕادەپەڕن. عەبدول حەمیدی دووەم بەڵێن دەدات مۆڵەتی دامەزراندنی تابووری سوارەیان پێ بدات، بەڵام دواتر بەڵێنەکەی ناباتەسەر.

بڕوانە ل ٧

پاشماوەی سوارەی حەمیدییە




**عەشیرەتەکان هەڵوەدای وەرگرتنی تابوور بوون...**

ئایشە حوڕ دەنووسێت لە قۆناغی یەکەمدا ١٣ تابوور هاتە دامەزراندن. کاتێک عەشیرەتە بێ تابوورەکان بینییان عەشیرەتی خاوەن تابوور دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر عەشیرەتەکانی تردا بسەپێنێت، ئەمانیش کەوتنەخۆ بۆ وەرگرتنی تابوور و بەوجۆرە ژمارەی تابوورەکان کە لە سەرەتادا ١٣ بوو، لە ساڵی ١٨٩٥دا گەیشتە ٦٥ تابوور. ٦٢ تابوور بەتەواوی لە کورد پێکهاتبوون، تابوورێک لە کورد و تەرەکەمە، تابوورێک لە کورد و قەرەپاپاک و تابوورێکیش لە کۆچبەرەکانی کافکاسیا بوون. عەشیرەتە کوردەکان دوای ئەوەی بوون بە خاوەن هێز، کەوتنە چەوساندنەوەی یەکدی و کەمینە نەتەوە و ئاینییەکانی کوردستان و تاوانەکانی ڕووتکردنەوە و تاڵان و مرۆڤ ڕفاندن ڕوویان لە زیادبوون کرد.

بۆ نموونە، خەڵکی دیاربەکر ساڵی ١٩٠٥ لە دژی سوارەکانی شاکیر ئیبراهیم پاشای سەرۆکی عەشیرەتی میللی (میلان) ڕاپەڕین و بە ناردنی تەلەگراف داوایان لە دەوڵەت کرد ئەو هێزە لە شار دووربخاتەوە.

# سوارەی حەمیدییە لە دوای سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم

بەڵام عەبدول حەمیدی دووەم لەبری سزادان، خەڵات و نیشانی بە سەرانی هێزەکە بەخشی. ئەمە وای لە خەڵکی دیاربەکر کرد ساڵی ١٩٠٧ بە هێزی خۆیان سوارەی حەمیدییەی میللی لە شار دەرپەڕێنن. بەپێی لێکۆڵینەوەکەی ئایشە حوڕ، سوارەی حەمیدییە سەرەتا بۆ کوردی سوونی و عەلەوی و پاشان بۆ ئەرمەنییەکانیش بوون بە کێشەیەکی گەورە و لە زۆر گوند و ناوچە و شار دەستیان چووە خوێنی کورد و ئەرمەنییەکان.

سوارەی حەمیدییە لە دوای عەبدول حەمیدی دووەم

ساڵی ١٩٠٨ لە دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتەی دووەم سوارەی حەمیدییەی ژێر فەرمانی ئیبراهیم پاشی کوڕی شاکیر ئیبراهیم پاشای میللی لە ویرانشەهر لە دەوڵەت هەڵگەڕایەوە. ئیبراهیم پاشا کاتێک لەگەڵ هێزەکانیدا بەرەو ناوچەی شەنگال دەکشایەوە، لە ڕێگە بە نەخۆشیی سکچوون مرد، هێزەکانی پەرتەوازە بوون و کۆتایی بە یاخیبوونەکەی هات. دوای داگرتنی عەبدول حەمیدی دووەمیش لە تەخت لە ٣١ ئاداری ١٩٠٩، ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی لە چوارچێوەی نوێکردنەوەی سوپادا سوارەکانی حەمیدییەیان بەشێوەیەکی نوێ ڕێکخستەوە و ناوەکەیان گۆڕی بۆ (تابووره سووکەکانی سوارەی عەشیرەت) و خرانە سەر سوپای ١٩ لە ئەرزەڕووم. ساڵانی دواتر ئیتیحادچییەکان لەوەدا بوون سوارەی عەشیرەت (حەمیدییە) هەڵبوەشێننەوە، بەڵام شەڕی یەکەمی جیهانیی بەسەردا هات و پێویستیان بە کورد بوو. ئەمجار سوارەی عەشیرەتە کوردەکان خرانە سەر سوپای ٣ و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کران. ساڵی ١٩١٥یش وەک بەشێک لە هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە چەند ناوچەیەک دەستیان هەبوو لە ئاوارەکردن و کوشتنی ئەرمەنییەکاندا. ساڵانی دواتر بە یاسای ژمارە ٣٥٦ کە ساڵی ١٩٢٣ لەلایەن حکوومەتی ئەنقەرەوە دەرچوو، لە چەکدارانی پێشووی سوارەی حەمیدییە یەکینەکانی گوندپارێز هاتنە دامەزراندن. ساڵانی ١٩٢٦–١٩٣٠ هەندێک لە یەکینەکانی گوندپارێز چوونە ڕیزەکانی شۆڕشی ئاگرییەوە و ئەوانەیشی لە بەرەی دەوڵەتدا مانەوە، بەپێی ئارەزووی کۆماری تورکیا بەرەنگاری شۆڕشگێڕانی ئاگری نەبوونەوە. بۆیە دەوڵەت چەک و جبەخانەی لێیان وەرگرتەوە و بەو جۆرە کۆتایی بەو سیستەمە هات. بەڵام دەوڵەت تا ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوویش مووچەی خانەنیشینی دەدا بە کەسوکاری فەرمانده کوژراو و مردووەکانی سوارەی حەمیدییە–عەشیرەت و یەکینەکانی گوندپارێز. ئایشە حوڕ بەدووری نازانێت ئەوە جۆرێک بووبێت لە وەفاداری و هەروەها زەمینە خۆشکردن بووبێت بۆ ئەوەی ئەگەر دەوڵەت لە داهاتوودا پەنا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی هاوشێوە ببات، کوردەکان بە دەنگییەوە بچن

---

هاوڕێیانی بەڕێز، وەک لە وتارەکەدا هاتووە، کوردانی عەلەوی بۆیان نەبووە، تابووری سوارەی حەمیدییەیان هەبێت، بەڵام وەک دەگوترێت، کوردی عەلەویش لە ڕیزەکانی سوارەی حەمیدییەدا چەکیان هەڵگرتووە. تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی نووسراو لەو بارەیەوە لەبەردەست نییە، بەڵام دوو دەیە لەمەوبەر کاتێک باسی فەوجە خەفیفەکانی سەدامم بۆ پیاوێکی بەتەمەنی خەڵکی باکوری کوردستان دەگێڕایەوە و بۆم باس کرد چۆن کەسانێک لەبەرئەوەی سەربازی نەکەن، لای ئامر فەوجەکان ناوی خۆیان دەنووسی و دەبوون بە جاشی تەرک و مووچەکەیانیان بۆ ئامر فەوجەکان دەمایەوە، ئەو پیاوە گوتی کوردە سوونەکانی سوارەی حەمیدییەیش شتێکی لەو بابەتەیان دەکرد و کوردی عەلەویان وەردەگرت و بە وەک کوردی سوونە ناونووسیان دەکرد بەو مەرجەی نیوەی مووچەکەی بدات بە ئامری تابوور.... بەکر شوانی

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



## فاتمە بەرزنجی

لەدایکبووی باشوری کوردستانە، لە ساڵی 1997ەوە لە هۆڵەندایە و ئێستا لە شاری ڕۆتەردام دەژی و لەوێش کاردەکات.

فاتمە لە پێش جەنگی عێراقەوە، دەستی داوەتە کاری تابلۆکێشان و سروشی وێنەکانی لە دەوروبەرەکەی خۆی و مێژووی شوێنی لەدایک بوونی وەرگرتووە، ئێستا ئاوێتەی کردووە بە شوێنی گوزەرانییەوە لە هۆڵەندا.

پاش تەواوکردنی کۆلێجی بەڕێوەبردن و کارگێڕی، لە زانکۆی موستەنسرییە هەڵهاتووە بۆ هۆڵەندا.

ساڵی 2005 ئەکادیمیای هونەری پاشایەتی بە پلەیەکی نایاب لە لاهای تەواو کردووە، هەموو کارە هونەرییەکانی لە پێشەنگای تایبەتی و هاوبەشدا، لەگەڵێک لە گەلەری و مۆزەخانە بەناوبانگەکانی ئەوروپادا نمایش کردووە، وەک گەلەری سەنا لە ئوترێخت، مۆزەخانەی ڕۆتەردام–ڕۆتەردام و TENT ڕۆتەردام، گەلەری RAM فاوندەیشن لە ڕۆتەردام، پیکتۆرا لە دۆردرێخت، گەلەری سوزانا بەیدەربێرخ لە ئەمستردام و لە OnArte Locarno لە سویسرا.

بۆ زانیاری زیاتر و کارەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

www.fatimabarznge.nl

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA


E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam


Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807







Aghjalar2010
Acrylic on canvas
24 x 18 cm (8x)
2015



xhibition overview TENT Rotterdam 2015

ghjalar2010